گۆڕانی کۆمەڵگە

[کردي – کوردی – kurdish]

ئامادەكردنی : شێرزاد عبد الوهاب

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

(تغير المجتمع)

« باللغة الكوردية »

إعداد : شيرزاد عبد الوهاب

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

گۆڕانی کۆمەڵگە

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وصحبه أجمعين، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته ..

خۆشەویستان خۆشحاڵم کەبەئێوەی خۆشەویست ئەگەمەوە، بۆ ئەوەی بتوانین هەر چۆنێک بێت، هەمووومان هیمەتێک بکەین، بۆ ئەوەی زیاتر لەدینی خوا حاڵی بین، وەزیاتر لەقورئانی پیرۆز شارەزا بین وزیاتر لەخواو پێغەمبەری خوا بچینەپێش و ڕەزامەندی وان بەدەست بێنین ان شاء الله، لەخوای گەورە دەپاڕێمەوە دڵ و دەروونمان منەوەر بکا، وەهەروەها بەرەکەت بخاتە ژیانمان بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی ئەو دینەبکەین و یارمەتیمان بدا خۆمان لەئاگری جەهەننەم بپارێزین، بەرەو ڕەزامەندی خواو بەهەشتی خوا بڕۆین ان شاء الله.

ئازیزانم لەهەر مەجلیسێک دادەنیشین لەهەر کۆڕێک دائەنیشین یەکەم قسەکەئەکرێ ئەڵێن باشەبۆ وەزعمان تێکچووە، باشەبۆ واگۆڕاین، یەکێک بەرامبەرت دانیشتیە ئەڵێ باشەپێم سەیرە پانزەساڵ پێش ئێستا، دەساڵ پێش ئێستا ئێمە وانەبووین، تەماشای هەر لایەکی ژیان ئەکەین دەبینین بەرەو خراپە چووینە، جا من پێم خۆشە بەوردی فکر لەگۆڕانکاری خۆمان بکەینەوە با بەش بەش پێدابچین، بۆ ئەوەی شارەزاییەک و چاو ڕوونییەکی باشمان بۆ پەیدابێ لەو شوێنانەی کەگۆڕانکاریمان بەسەر داهاتووە، یەکەمین بابەت کەئەمەوێت باسی بکەم، گۆڕانی ئێمەیە لەبواری کۆمەڵایەتی، یەکەمین بەش تەماشای خێزان بکە، بزانین چۆن گۆڕاوە، کوا ئەو وەفای پیاو بەرامبەر ئافرەت، بەپێچەوانەوەش، کوا وەفای منداڵان بەرامبەر بەدایک و باوک، کوا وەفای برا وخوشم برامبەر بە یکتر، ڕەحم و بەزەیی نەماوە، وە(الله) برا متمانەی بەبرای خۆی ناکا، برا یارمەتی برای خۆی ناداتن، برای لەبرسان دەمرێ دینارێکی لەدەست

دەرنایێ، بەڵام بێگانەیەکی نەناسی هەزارو دووهەزاری لەدەست دەنێ، خێرو بەرەکەتی بۆ ماڵی دەڵێ زەقنەبووتە،ترش و تفتە، بەڵام لەدەرەوە خەڵک هەر بەقسەی پێدەکەنی وهەر خوا خوایتیان ئەو، لەمەجلیسەکەیان بێت، چونکە خۆشی ئەداتە مەجلیسەکە.

بێینە سەر دراوسێ کوا وەفای دراوسێیەتی، کوا ڕاستی و وەفا بەرامبەر دراوسێ، کوا پاکی وبێگەردی بەرامبەر دراوسێ، کوا دراوسێ بەرامبەر دراوسێ رێک ماوە، دەست پاک و ئەمین ماوە، بڕوابکەن دراوسێ بەرامبەر دراوسێ متمانەی نەماوە، خۆ ئێمە(لەساڵی نۆ وەدو یەک) کەهەڵاتین بۆ ئێران و توركیا! یەکەم کەس کەتالانی کردین هەندێ لە جیرانەکانی خۆمان بوون، ئەوەش ئاشکرایە دەبوایە محفوظت بکا ومال و سەروەت و کرامەت و شەرەفت محفوظ بکاتن، ئیمرۆ یەکەم جار لەجیرانەکانی خۆی ئەمین نیە، ئەترسێ لەزوبانی و لەدەستی و لەشەری.

خۆ ئەگەر تەماشای دکتۆرەکان بکەین کوا بەزەیی و ڕەحم، هەموو خەمی ئەوەیە ئیمڕۆ پەنجا فەحسی بکاو پارەکەی لەگیرفانی دابنێ و جائەوەی دێ موستەحەقە یان موستەحەق نیە کەیفی خۆیتی. ئەوەی دێ سۆنەری دەوێ یان نایەوێ موشکیلەنیە، بۆی بنووسە، بۆ؟ چونکە لەگەڵ کابرای سۆنەر شەریکە، بۆ ئەوەی قازانجی لێ بکا، یەک رستەدەرمانی بۆ ئەنووسێ، لەبەر ئەوەی لەگەڵ دەرمانخانەکە شەریکە، روحم بەهیچ نەخۆشێک ناکا، کەئەو نەخۆشەهەژارە، پارەی نیە، بۆ ئەوەندە فحوصاتی بکا؟ بەڵام دکتۆر گوێی ناداتێ، ناڵێم هەموو دکتۆرەکان وان بەڵام زۆربەی دکتۆرەکان وەفاو وەفاداری و ڕاستگۆییان لەدڵی خەڵکیدا نەماوە..

خۆ ئەگەر بچینەناو پارێزەرەکان، ئەو پارێزەرە هەر ئەسلەن فکر لەقەزیەکە ناکاتەوە، ئەو قەزیە حەقە یان ناحەقە، بۆ ئەوەی بەس پارەکەی پێ ببڕێ، قەزیەکەبایی هەزار دینار بێ، بەڵام ئەو سێ هەزاری لێدەستینی، ئەو بەندە قانونیەی کەمحامیەکە چارەسەری موشکیلەکەی پێ دەکات، زولمەو ستەمەو موخالیفی شەرعیشە گوێی ناداتێ، بۆ ئەوەی

قەزیەکەی بۆ خۆی بباتەوەو پارەکەی بۆ خۆ حاێل بکاتن بیهاوێتە ناو گیرفانی، جا ئەمەکەی پارەیەکی حەڵالە بەدەستیان ئەکەوێت.

خۆ ئەگەر تەماشای موهندیسەکان بکەین، لا الە الا اللە، هەر موهندیسەو شەریکە لەگەڵ مقاول، جا ئەو مقاولە فێڵ دەکا لەعەمەلەکەی و ئەو فێڵ دەکا لەئیش، فێل لەکەسابەتەکەی دەکا موهیم نیە، پارە چاوی موهندیسەکەی کۆرە کردیە، هیچ نابینێ و موهیم ئەوەیە ئیمزای بۆ ئەکا و تەواو پارەی خۆی لەبنەوە لەگەڵ موقاولەکە وەردەگرێ و پەیوەندی بەناریکی و بێ سەروبەری ئیشەکەش نیە.

خۆ ئەگەر تەماشای موقاولەکان بکەین، مقاولەکەش لەموهەندیسەکە زاڵمترە، ئەم موقاولە بەکەیفی خۆی ئەو ئیشانەدەکا، پارەی فلان و فیساڵ دەخواتن، بەکەیفی خۆی خیانەت دەکاتن لەئیشەکە، ئەو ئیشەکە دەکرێ بەشێ یەک مانگ ناکا هەموو نوقوستانیەکانی بەدیار دەکەوێ، بەڵام موشکیلەنیە ئەوە لەهەمووی موهیم ترە من ئەو ئیشەم گرتیە، بەو موقاوەلاتە کە گرتیتم من پێڕابگەم، من ئەو جارە ئەو موقاولاتەم گرت، دەبێ ئێلا (B.M) کی پێ بکرم هیچ عیلاجی نیە دەبێ فلان شتی پێ بکرم. پێم سەیرە ئەو موهەندیسە، ئەو مقاولە چۆن بەدوو ئیش بوونە ملیۆنێرو دەولەمەند بوون.

بۆ سەیری عەمەلەکان ناکەی، باگلەیی لەعەمەلەکان بکەین، عەمەلەکانیش ڕاستگۆ نەماینە لەئیشی خۆیان بەتەمەڵی و تەوەزەلی ئیش دەکەن، مافی ئیشەکەنادەن، ئەو پارەیەی کە وەریدەگرن بەحەلالی نیە، من باوکم وەستا بوو کاتی خۆی، عەمەلە بوویمە لەبن دەستی باوکم، خوا ئاگادرە هەتا یەک سەری هەموو بینایەکەی لێ نەدابا پشتی ڕاست نەدەکردەوە، وەستای ئێستا هیچ مەجبور نیە، چوار بلۆکان چوار بەردان لێدەدەن، نیو سەعات لەگەڵ عەمەلەکەی قسە دەکا، چارێگەک بینەو بەردی دونیا باس دەکەن، کەی ئەمەرزقێکی حەلالی بەدەست دەکەوێت، عەمەلەکەش لەوەستاکە خراپ ترە، نیو سەعات خۆی دەشارێتەوە بەفێلی ئاو خواردنەوە، نیو سەعات خۆی مەشغول دەکا لەگەڵ ئەم وئەو، قوربەسەر کابرای کەعەمەلەو وەستای گرتوە، نیوەی پارەی دەروا هێشتا نیوەی ئیشی بۆ نەکراوە.

بۆ ئەگەر تەماشای مامۆستاكان بكەین، كوا ڕاستگۆو وەفاو ئەمن و ئەمانەتی ئەم مامۆستایە، لەقوتابخانە مامۆستا گوێ ناداتە قوتابیەكان، گوێ ناداتە ئەو كەسانەی لەبن دەستی دەخوێنن، ئەسلەن ئەو زانستەی لەلایەتی ئیهمالی كردوەئەمانەتە، دەچێتەپۆل موهیم ئەوەیەچل و پێنج دەقەبرواو بێتەدەرێ، جا ئایا مادەكەشەرح دەكا بەچاكی و بەڕێكی،قوتابیەكان تێ دەگەن یاخود نا موهیم نیە، مامۆستا دەچێتە ژووری چارێگەک بەدەنگو باس لەگەڵ قوتابیەكان دەباتە سەرێ، ئەڵێ چ هەبوو چ نەبوو، ئەمشەو جەزیرەو عەرەبیەو ابوظبي چیان گۆت! ئێ مامۆستا ئاوایان گوت وئاوایان گوت ئەوە چارێگێک ڕۆیشت، ئەوجا پاشان دێ چوار وشە لەسەر تەختەكە دەنووسی، فلان هەستە بخوێنەوە ئەویش دەخوێنێتەوە نەمامۆستا نەقوتابیەكان هیچ تێنەگەیشتن و فێر نەبون، ئەمە كەی ئەتوانن نەوەیەک پەروەردە بكەن.

خۆ ئەگەر تەماشای قوتابیەكەی، بكەی ئەویش هەر خراپ ترە لەمامۆستاكەی، خۆ ئەو قوتابیە ئەسلەن قەدرو قیمەتی مامۆستایەكەی لانیە، وادەزانی مامۆستاكەی موستەقبەلی فەوتاوە كەبویتە مامۆستا، بۆیەهەوڵ دەدان ئەو شتانەی پارەزۆرتر پەیدا ئەكاتن ئەو ڕێیانەی كەپێ گەورەئەبێ زۆر بەئاسانترو هیچ خۆێندەواریشی ناوێ، بەلكو ماستاو ساردكردنەوەو پان كردنەوەی دەوێ، ئەو ڕێیە دەگرێتەبەر بۆچی دەچێت شازدە ساڵان خۆی ماندوو بكاتن هەتا دەبێت بەمامۆستا، كەبۆ خۆی لەفكری قوتابیەكەی موستەقبەلی فەوتاوە، بەلكو موستەقبەلی خۆی ئەیەوێ كەبۆ خۆی تەسەوری ئەكا، كەبەم شێوەیە بەكورترین ڕێگا دەگاتێ .

جا خۆشەویستانم ئەگەر قوتابیەک قەدرو قیمەتی خوێندنی لانەبێ، قەدرو قیمەتی مامۆستای لانەبێ، چۆن فێرە زانست ئەبێ، بۆیە ئێستا زانست و زانامان نەماوە، بۆیە قوتابی ئیهتمام بەخوێندن نادات، قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بێنە، ئەگەر ناوی خۆی و باوكی و باپیری بزانێ بنوسێ باشە، مەمنونی خوا بن، بەڵام وەختی خۆی قوتابی شەشەمی سەرەتایی بەشەشەمی زانستی و وێژەیی ئێستا هەبوو، كوا ئەو هەموو ڕاستی و وەفایەی لەناو دڵی قوتابیەكان هەبوو لەناو دلی مامۆستایەكان هەبوو، كوا ئەو هەموو راستی و ڕێزو ئیحترام

وریک و پێکی یەی هەبوو، ئێمە مامۆستامان ئەدیت حەوت کۆلان دوور دەکەوتینەوە، لەترسان خۆی لێ بشارینەوە، ئێستا ئەسلەن قوتابی هەر شەرم لەمامۆستای ناکا، ئەگەر قوتابیەکە لەبۆی برواو بچێتەسەرێ، لەپێش مامۆستای چگارە دەکێشێ و لاقی لەسەر لاق دائەنێ، جا مامۆستا تەماشای قوتابی وابکا چۆن خولقی دەمینێ دەرس شەرح بکا، کەی ئارەزووی ئەمینی، ئەویش ئەیکاتە فشەو کات بەسەر ئەبات.

خۆشەویستانم تەماشای سایەقەکان بکەین، ئەو سایەقانەی ئیش دەکەن کوا ئەدەب و ئەخلاق و ریک و پێکیان کوا وەفایان، هۆرین و هۆرین لاکەوەو ولاکۆ، جوێن پێک دان و دەست لێک دەردێنن بەسەر یەکتر شکاندنەوەو چاولێک سوور کردنەوە.

ئەوەکەی ئەدەبی سیاقەتە(السیاقة فن وادب واخلاق) هەمووی جنێودان و هەڕەشەو چاو سوورکردنەوەو جەبهەیە، بەلکو سیاقەت پێناسەکەم گۆریەوە، فەنی قوتار بوونە چۆن خۆم قوتار دەکەم لەو سەیارەی، جا کەسایەقێک بەسێ سەد دینار بەرتیل ئیجازەکەی بۆ بێتەوە ماڵێ، چۆن سەری هەژاری وەکو من وتۆ لەسەر جادەی لەقورێ ڕاناکا، ئەسلەن هەر گوێشی ناداتێ، کابرا فشەی بەپۆلیسی هاتوچۆ دێ، قور بەسەر هێندەتیشکی خۆر لەسەری دەدا رەش هەڵگەڕایە، کەس ئیحترامی ناگرێتن، کەس گوێ ناداتێ بەکەیفی خۆیان دەڕۆن.

ئێمە هەموو پێکەوە بەستراوین، ئازیزانم ئێمە لایەکمان هەڵەو نارێکی تێکەوت تاکو هەموو تەسبێحەکە دەسوڕێتەوە هەموو نارێکی تێدەکەوێ، جابەڕاستی لەهەر سوچێکی ژیانمان تەماشا بکەین ئیلا دەبینین کۆمەڵێک گۆرانکاری هەیە، پێش دەساڵ پێش ئێستا وانەبوون، وە(الله) دزەکانمان بەئەخلاق بوون، یەک لەمامۆستایەکان، گوێم لەوانەکەی بوو، ئەیووت چەند ساڵێک پێش ئێستا مەسەلەن ئەو کەئەیگێراوە پێنج شەش ساڵ پێش ئیستا گێراویەتەوە، دەیفەرموو زەمانی باب و باپیرانم، کابرایەک لەگەڵ برادەرێکی چوو بووەدزی پێکەوە لەچێشتخانە یەکێکیان خیاری دیتبوو، خیارەکەی خواردبوو، برادەرەکەی گوتی چیت کرد، گوتی خیارم خوارد، گوتی دەمادەم نمەکی ئەم ماڵەت کرد، نابێ ئێمە دزەیەکەبکەین هاتنەدەرەوە، ئەوە ئەخلاقی دزان بوو، دز بەئەخلاق بوو، ئێستا کوا قیەم و ئەخلاق ماوە، کوا

میزان ماوە، تەماشای ئەو گەنجەبکە، بزانەهەموو غەمی ئەو گەنجەچیە، هەموو غەمی ئەوەیەبزانێ ئاخیر مۆدیلی برچ تاشین چیە، ئاخیر مۆدیلی پانتۆل چیە، ئاخیر مۆدیلی جل و بەرگ چیە، ئەوەچیەلەبەرت برام ئەوەچیەلەبەرت بەس بزانم، ئەو سەرو سیمایەبۆ کوێ دەچێ برام، وە(اللە)ی خەلکی هیچ هەسارەیەک و هیچ شوێنێک بەتۆ رازی نین، ئەوەچ مۆدیلەکە ئەتۆ هێناوتە، ئەوروپاش کەتۆ لەچاوی ئەکەیتەوەبەو شێوەیەنیە، ئەوانەی تۆ لاساییان ئەکەیتەوە فەوتاون، رێ لێ بزر بوون ئەسلەن بەخۆشیان نازانن چ دەکەن، خۆ تۆ بەشەری، کورەتۆ ئیمانت هەیە تۆ موسلمانیت تۆ ئیمانداریت، چۆن تەقلیدی ئەوان دەکەی .

خۆ ئەگەر گلەیی لەخوشکان بکەین هەر لێ گەڕێ، نازانم باسی چیان بکەم، توخوا ئەمەشمەکەی قبول کردیە، توخوا هیچ ئینسانێک کەمروئەتی هەبێ کەپیاوەتی هەبێ، چۆن قبول دەکا ئەم شمەکەی لەبەر دایک و خوشکی دا ببینێت، پێم سەیرە ئەم خەلکە بۆ گۆڕا، بۆ یەکسەر بەچەند ساڵێک سەدو هەشتا پلەسوڕاوە، ئەوەی قیەم بێ نەما، ئەوەی ئەخلاق و ڕاستی و وەفاو ڕێک و پێکی بێ لەناو خەڵکی نەما..

ئەوەلایەنی کۆمەڵایەتی، بابچینەلایەنی ئەخلاق.. کوا ئەخلاق کوا ڕاستی لەناو خەڵک، کوا دڵپاکی وداوێن پاکی و دەست پاکی و ئەمانەت و رەحمەت و شەفەقەت و سینەپاکی، کوان ئەو ئەخلاقە جوانانە،کوا تەواضع، کوا بەزەیی، کوان ئەو قیەمانە کێوە چوون، بۆ لەناو ئێمەبوون بەهەڵم و لەناو ئێمەدا نەمان، کێوە چوون ئەو ئەخلاقەرەسەنەی کوردایەتی باب و باپیرانمان کەهەیان بوو.

خۆ ئەگەر تەماشای لایەنی کەسابەت و مەعاش بکەین، شەریک لەگەڵ شەریکی راست نیە، شەریک لەگەڵ شەریک خیانەتی ئەکا، هەموو غەمی دوکاندار ئەوەیە کەچۆن قازانج بکەم، ئەوەندەپارەبەدەست بهێنم، هەمووی هەزاران شتی خراپ دەفرۆشێ بەس خەڵک لێی بکرێ، هەزاران فروفێلی دەکاتن، وەلەمانگەکە ئێکسپایەرەکەشی رەش دەکاتەوە، دەیکاتە سەر مانگەکەی نوێ، بەس بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی رەواجی بدا، چەند شتی پیس هەیە لەدەرەوە کەقیمەتی نەماوە، کەئێکسپایەر بووە، هەر ئەسلەن لەجێیان فرێ ئەدرێ دەیهێنن بەئێمەی

تاقی دەکەنەوە، ئەمە کوا ئەخلاقی کڕین و فرۆشتنمان، جا بەڕاستی پێم سەیرەلەناو هیچ مەعامەلاتێکماندا ڕاستی و حەلالی نەماوە، کوا حەلال لەناو دۆلار فرۆشان، هەموو بەتەلەفۆن یەک دۆلاری لەگیرفانی نیە، تەلەفۆن دەکا کاکەپەنجا وەرەقە بووەماڵ، نیو سەعاتی تر ئەڵێ بۆم بفرۆشە، تۆ دۆلارێکت لەگیرفان نیەچۆن پەنجا وەرەقەی دەکەیتەماڵ، دەبێ دەست بەجێ تەسلیمی بکەی، ئینجا ئەو پارەبۆ تۆ حەلال دەبێ سبحان الله ! ، هەر شوێنێکی دەگرین لەکڕین و فرۆشتن زۆربەی حەرامە نالێم هەمووی بەڵام ئەغلەبی حەرامە، کەس نایێ پرس بەمامۆستا بکا..بڵێ مامۆستا گیان ئەو ئیشە چۆنی حەرامەو چۆنی حەلالە، نایکا کاتێک لەگەڵ کابرای شەریک توشی موشکیلەدەبی، ئەوجا دێتەلای مامۆستا، وە(الله)ی مامۆستا گیان کێشەیەکمان هەیە، مامۆستاش گوێرادەگرێ، دەفەرمووی کەباس دەکا لەسەرەتای ئیشەکەبۆگەنیت کردبێ ئەی چۆن شەرع بتوانی بۆت حەلال بکاتن، جا ئەو موشکیلاتەزۆر دێتە لای ئێمە، بەڕاستی سەرەتا پرسیار ناکەین، بەڵام کەتووشی موشکیلەئەبن، ئێنجا دێ پرسیار دەکاتن.

خۆ جارێ گلەیم لەئیماندارەکانە، لەموسلمانەکانە، ئەوانەی مولتەزیمن ئەوانیش تێکەوتوون، ئەوانیش تووشی ریباو بێ سەرو بەری لەکارەکانیاندا هەیە، خۆشەویستانم ئیمامی عومەر رەزای خودای لەسەر بێ، دەچووە بازار ئەیفەرموو: (ئەی خەلکی بازار ئەوەی لەفقهی بازار نەزانێ، ئەوەی لەفقهی معاملات نەزانێ بەم دارەپشتی دەشکێنم، بانێتەبازار، نزیکی بازارمان نەکەوێ و خەڵکی ئێمەتووشی ریباو حەرام نەکا) کوا شارەزای شەرحی موعامەلات لەناو ئێمە لەبازاردا هەر تەقەی سەری دێ، نەفس وهەواو ئارەزوو حوکم دەکا، لەناو بازاردا گرنگ ئەوەیە ئەمن بگەمەناو بازارو دەوڵەمەندبم، بەهەر شێوەیەک بەهەر حیلەیەک بەهەر قۆڵ بڕینێک بێ زۆر گرنگ نیە، بۆیەخوای گەورەسبحان الله دەفەرموێ :

{وَتَرَى كَثِيراً مِنْهُمْ يُسَارِعُونَ فِي الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ }

(المائدة:٦٢) ، واتە: هەردەیان بینی خەڵک زۆربەیان موسابەقە دەکەن بۆ بەدەست هێنانی

حەرام بۆ خۆ دەولەمەند کردن لەسەر حیسابی من و تۆ، فلان و فیساڵ بەخۆشی بژی، بامن بمرم لەبرسان .

جاخۆشەویستانم تەماشای کێندەرێی ژیان بکەن، تەماشای چ قوژبنێکی ژیان بکەم تێک نەچووبێ و نەفەوتابێ، باشەبۆ تەماشای سیاسەت نەکەین کوا سیاسەتی ئیمڕۆ، هەمووی درۆو دەلەسەیە لەبۆ خەڵکی سیاسی چیە هەمووی گورگاتیە،کابرای مەسئول هەر دەیەوێ گیرفانی خۆی پڕکا، هەردەیەوێ بەزووترین کات خۆی دەولەمەند بکا، سیاسەتیشمان گۆراوە، هەتا ڕاستیشمان لەسیاسەت نەماوە، پیاوی سیاسی یەعنی زۆر درۆزن، زۆر بێ سەروبەرو بێ سیقەو بێ وەفاو بێ ئەمەک، ئەمەپێناسەی پیاوانی سیاسیە، نەخێر وانیەئەو چەند ساڵە گۆرا، ئەو چەند ساڵە وەی لێهات کەپیاوانی سیاسی وابن، برۆن تەماشای باب و باپیرانمان بکەن، کاتێ کەباسی یەکێکیان ئەکرد، ئەگەر بیان گوتایە کابرایەکی سیاسیە، یەعنی غەمخۆری ئەم میللەتەیە هەر شتێک ئەکا بۆ ئەوەی ئەم میللەتەبەرز بێ، هەر شتێک ئەکا بۆ ئەوەی ئەم میللەتە بگاتە بەختەوەری، ماف و حەقی ئەو میللەتەچۆن بەدەست بێنیت، چۆن شۆرش و خەبات بکا بۆ ئەوەی میللەتی خۆی بگاتەرەوای حەق، ئەما ئەوانەی ئێستا هەم و غەمی گیرفان پرکردنەو سەیارەیەو خۆ قەلەوکردنە،هەروەها خانوو دروست کردنەو بەس، ئەوانە نەما هەموو غەمی میللەتمە، بزانم میللەتم چی پێویستە، لەکێوندەرێ دەناڵی، چی نوقوستانە .

ئینجا خۆشەویستانم بەڕاستی باسی هەموو موشکیلەکانی کۆمەڵگا بکەین تەواو نابێ، بەڵام ئەمە واقیعی حالەو دەبێ ئیعتراف بکەین، دەبێ هەموومان دەست لەسەر دەردەکانی خۆمان دابنێین بلێین مامۆستا ڕاست دەکەی ئێستا ئێمەئەو هەموو دەردانەمان لێیە، ئەو هەموو گۆرانکاریەمان بەسەر داهاتیە، هەستیش پێ ناکەین، دەبێ پێش ئەوەی چارەسەری دەردەکەبکەی، دەردەکەتەشخیص بکە، ئەوکاتەنیوەی عیلاج تەشخیص کردنی دەردە .

من ئێستا زۆر بەپەلە بۆم باس کردن، ئەمە گۆرانێکە بەسەر ئێمەدا هاتووە، ئەمە حاڵەتێکە بەسەر ئێمەی کورددا هاتووە، خۆ میللەتانی دەوروپشتمان هەر لەئێمەخراپترن، بەڵام

ئێمە ساحێبی خۆمانین و باسی خۆمان دەکەین، جامادام وابێ دەبێ فکر بکەینەوەپیاوی عاقل ئەبێ ئەوەی ڕاست و وەفادار و دڵسۆزەبەرامبەر میللەتی خۆی دابنیشی لەگەڵ دلسۆزان فکر بکاتەوە، ئێمەچی بکەین بۆ ئەو میللەتە، ئێمەچۆن ئەو میللەتەحاڵی بکەین لەدینی خوا.

خۆشەویستانم پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: من و ئێوە وەکو کابرایەکی وایە، ئاگرێکی هەلکردبێتەوە بیەوێ خۆی لەبەر گەرم بکاتەوە تەیرو پەپولەو پەروانەهەن نازانن ئەو ئاگرە دەیسوتێنێ بەدەستی دەریان بکات، خۆ لەناو ئاگرەکەدەنێن ئەویش هەر ئەوەندەی ئەتوانی بە پەپولەو تەیرەکان بڵێ توخوا بەدوور کەونەوە ئەو ئاگرە ئەتانسوتێنێ .

خۆشەویستانم ئێمەو ئێوەگشتمان دەبێ وەک ئەو پیاوەوابین ئەبێ دلسۆزبین بۆ میللەتەکەمان، بلێن خەلکینەئاگاتان لەخۆبێ، ئەوەبەرەو هەڵدێر ئەڕۆن، بەرەو کاول بوون ئەرۆن و بەرەو فەوتان ئەرۆن، نالێم فەوتاون؛ چونکەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نەهی لەئێمە کردووە بڵێن هەمووی فەوتاوین، چونکە خۆی فەوتاوە،بەڵام من ئەلێم بەرەو فەوتان ئەرۆین، بەرەو کاولی ئەرۆین، بەرەو بێ سەرو بەری ئەڕۆین، وە(الله)ی بەختەوەری نیە، ئەوەی ئێمەی تێدابێ، بەختەوەری ئەوەیەدڵت خۆش بێ، بەختەوەری ئەوەیە کامەران بی، پاک و ئەمین بی لەگەڵ خەڵک، سیقەو باوەر بەخەڵکی بکەی، خەڵکی سیقەو باوەڕت پێ بکا، ئیماندار ئەو کەسەیەخەڵک لەدەست و زوبانت ئەمین بێ، ئەمە بەختەوەریەک و خۆشیەکە دەمانەوێ، ئەبێ جیران لەجیرانەکەی تەئمین بێ، برا لەبرای وەفادار و بەزەیی بێ، دایک بەرامبەر بەمنداڵەکانی بەروحم بێ، منداڵەکان خزمەتکاری قۆندەرەی دایک و باوکیان بن، برادەر لەگەڵ برادەر دەبێ وفادار بێ نەک قۆرتی بۆ لێبدا و تەقریری لەسەر بنووسی وسەری لەقور ڕابکا، کەسێک هاموشۆی کەسێک دەکا بۆ ئەوەنەچێ پشتی بشکێنی، بۆ ئەوەی مەحبەت و ڕێزو ئیحترام لەگەڵ یەک پەیدا کەین، یەکترمان خۆش بوێ، کە دەمەوێ تیجارەت بکەم بۆ ئەوەی نەبێ خۆم دەولەمەند بکەم، ئەمن بمەوێ شتێکی چاک بۆ ئەو میللەتە بهێنم دوو دیناریش بۆ خۆم قازانج بکەم چی تێدایە، ئەبێ ژیان وابێ، دەی کەواتە ئێمەئیستا بەپەلەو زۆر بەکورتی و بەکوردی گەراین بەناو هەموو کۆمەلەکەماندا بەهەموو کۆمەڵگا و بەهەموو

کۆمەڵانی خۆماندا هەر یەکێ موبتەلایە بەدەردێ، هەریەکێ موبتەلایە بەکۆمەڵێک مەشاکیل و غەم و پەژارەیەک، باشەئەو گۆرانەلەکوێ رویدا حەتمەن کەتەماشای خۆمان دەکەین خۆمان گۆریتمان مانگ و ئەستێرەو دارو بەرد و ئاو نەیان گۆڕیوە، بۆیەخوای گەورەدەفەرموێ {**ذلك بأنّ اللّه لم يكُ مغيراً نعمة أنعمها على قوم حتّى يغيروا ما بأنفسهم وأن اللّه سميع عليم**}الأنفال/٥٣ واتە: بزانەیا محمد صلی الله علیه وسلم با ئومەتەکەشت ووشیار بێتەوە بزانێ خوای گەورە کاتێ نازو نیعمەتێک ئەداتن بەکەسێک وکۆمەڵێک لیان ناگۆرێ (حتی یغیروا ما بأنفسهم) هەتا بۆ خۆی نەیگۆڕن، هەتا لەو خۆشیەی تێدانیەلیّیان بێتەناخۆشی، هەتا بەدەست و زوبان و چاویان خۆیان نەی گۆرن خوای گەورەلیّیان ناگۆڕێت، پاشان خوای گەورەدەفەرموێ { **إنّ اللّه لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم** }الرعد/١١، واتە: خوای گەورە لەهیچ کۆمەڵێک ناگۆڕێ، لەهیچ کەسێک و قەومێک و میللەتێک تێک ناداتن هەتا بۆ خۆیان لەخۆیان تێک نەدەن، کەواتەئێمەبەخۆمان لەخۆمان تێک داوە..دەبا بێین تەماشای خۆمان بکەین بزانین هەڵەکەلەکوێندەرێ یەمادام ئەمن بۆ خۆم گۆریوە خۆم قاتیلی نەفسی خۆمم، من بەخۆم خۆم کوشتی یە، خۆم فەوتاندیە،خۆم گۆریوە،خۆم بەهیلاک داوە، دەبێ بێم عەمەلیاتی جەراحی بۆ خۆم بکەم، ئەبێ بزانم کوێندەرێ تەئسیری هەیەلەسەر من، کێ قیادەی من دەکا، دەستم چاوم دەمم لوتم کوێندەرێ قیادەی من دەکاو بەرەو کاولیم دەبا، هەتا بیگرم دوو ئامۆژگاری بکەم پێی بڵێم کاکەبەرەو کوێم دەبەی، تۆ بەرەو چ کاول کاریەکم دەبەی.

جا خۆشەویستانم کاتێک کە لە ئینسان ئەکۆلینەوە، کاتێک ئینسان شەق شەق ئەکەین و تەماشای ئەکەین دەبینین ئینسان دوو بەشە،مرۆڤ لەدوو بەش پێک هاتیە، لەکۆمەڵێک ئەندام، وەکو دەست و سەرو لاق و زگ و مەعیدەو دڵ ئەمانەش لەخۆل دروست بوونە، ئەوانەش هیچیان بەدەست نیە، هەموویان ئیش دەکەن بەغەیری ئیرادەی خۆیان، بەشتێکی تریان نادیارن وەکو عەقل و نەفس و هەواو روح..ئەو چوارەیان لەگەڵ لاشەکەیان تێکەلاون، ئینسانێکیان دروست کردیەئەو ئینسانەو لاشەیە هیچ تەحەکوم ناکا بەگۆرانەکەی، بەلکو

ئەوەکەی دەیلێم ئەو چوارەئەوانەتەحەکوم بەگۆران دەکەن لەو چوارەزائدەن روحیشیان... عەقل ونەفس و دڵ و هەوا ئەو چوارەئینسان ئەگۆڕن، ئەو چوارە ئینسان بەرەو باشە ئەبەن، یان بەرەو خراپە ئەبەن، کەواتە لاشەمان لەگەڵ روحمان عیلاقەی بەگۆرانەوە نیە بەلکو ئەو لاشەمان دوو نەوعەحەرەکەی تێدایە، حەرەکەیەکی ئیختیاریەوەکو دەستم بەخۆم دەیجولێنمن وەکو زمان بۆ خۆم قسەی پێدەکەم، چاوم بۆ خۆم ئەی توروکێنم، گوێم بۆ خۆم گوێی لێ رادەگرم، بەڵام هەندێکیشیان حەرەکەیەک و جولانێکی غەیری ئیختیاری تێدایە، وەکو لێدانی دڵم و هەناسەدانم وەکو ئەو حەرەکانەی ئەو شتانەی لەژووریَ دان لەناو لەشەمدا ئەوانە هیچ بەدەستی من نینە، بەلکو خوای گەورەوای کردوەبۆ خۆیان ئیش بکەن، جا ئینسانەکەبیەویَ یان نەیەویَ من بنوم یان بەخەبەربم، کۆ ئەندامی هەناسەدانم ئیش دەکا دڵم لەجێی خۆی هەر لیَ ئەدا روحەکەش هیچی لەدەست نیەبەلکو تەزوێکی کارەبایەسری حەیاتە، خوای گەورەدایتیەئێمە، ئێمەئەجولێنی، وەهەروەها حەرەکەو جولانەوەی ژیانمان پیَ دەبەخشیَ هەر کاتیَ خوای گەورەئەو روحەی لەو لاشەیە جودا ئەکاتەوە ئەو ئینسانە دەمریَ هیچ حەرەکەو شوێنێکی ئیش ناکا، نەچاوی، نەعەقلی، نەدڵی، نەزوبانی، نەدەمی، هیچ ئەندام و هەستێکی ئیش ناکاتن .. دەی کەواتەئەم روحەزۆر لەزانایان لێیان پێچایتەوە هەتا جولەکەکان هاتن لەپێغەمبەری ئێمە پرسی صلی الله علیه وسلم خوای گەورە جوابی دانەوە وفەرمووی:{**وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلاً** } (الاسراء:٨٥) ، واتە: یامحمد صلی الله علیه وسلم لە روح لێت ئەپرسن، بڵێ روح ئەمری خوایە، وەکەسیش نازانیَ روح چیە(وما اوتيتم من العلم الا قليلا) بەڕاستی ئەی بەشەر، ئێوە لەزانست ئیلا کەمێکی زۆر کەمتان پیَ بەخشراوە..جا بەڕاستی زانایان وەکو ئیمامی غەزالی و جۆرانی تر زۆر زۆریان پێچاوەتەوە لەروح کەشوێنەکەی لەکویَ یەهەتا هەندێکیان دەڵێن روح لەناو دڵی دڵە، دەڵێن ئەو دڵەی لای چەپماندایە، دەفەرموون دڵێکی کەی لەناو دایەروحەکەش لەناو ویە، جا دەلیلیان چیە؟ دەلیلیان ئەوەیەدەڵێن هەر ئەندامێکی ئینسانی لێبکەوە نامریَ، بەڵام وەرەئەم دڵەلێبکەوە.. ئەو ئینسانەناژی و ئەمری، بەڵام ئەمەش وانیە، جا ئەگەر ئەو

دڵە لێکەیتەوە دڵێکی دیکە تێبێخی ئەو روحەهەر نارواو هەر دەمێنێت و الله اعلم، ئەوەهەر خوا بۆ خۆی ئەزانێ چونکە خوا بۆ خۆی دەفەرموێتن (**وما أوتيتم من العلم إلا قليلا**) واتە: ئێوە لەمەسئەلەی روح لەزۆر مەسائیلەکانی تردا زانستێکی زۆر کەمتان پێ بەخشراوە، ئەوەش غەیبەهەر خوا بۆ خۆی ئەزانێ، جا کەواتەئەم روحەلەگەڵ ئەم لاشەیە ئەوانەیە یەکتری ئەگرن هەتا حەرەکەیەک و جولانێک و شتێک بۆ ئەو ئینسانە دروست بکەن، دەی کەواتە ئەوەی ئینسان دەگۆڕێ ئەوەی مەنهەجی ژیانی دەگۆڕێ ئەوەی رێی دەگۆڕێتن یان بەرەو باشەی دەبا یان بەرەو خراپە، چوار شت نیان عەقلیتی یان دڵێتی یان نەفسێتی، هەوایەکەیتی ...

تاکو دەرسێکی تر بەخوای گەورەتان دەسپێرم.

سەرچاوە: گەشتێک بە ناخی مرۆڤدا،بەشی یەکەم،لە وتارەکانی مامۆستا شێرزاد،نوسینەوەی ئیلاف احمد غزالی، ساڵی ٢٠٠٨.وە عبد الرحمن پشتیوان هەستاوە بە نوسینەوەی بۆ ماڵپەڕی ئیسلام هاوس.